# تەوفیق و ڕێککاری لە نێوان مەرجبوونی خەلیفە کەوا دەبێت قورەیشی بێت و لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی فەرمان دەکات بە گوێڕایەڵی بەندەیەکی حەبەشی

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**شێخ عەبدولکەریم ئەلخوزەیر**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1435

IslamHouse.com

# التوفيق بين اشتراط كون الخليفة قرشياً وبين حديث طاعة العبد الحبشي

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد الكريم الخضير

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# تەوفیق و ڕێككاری لە نێوان مەرجبوونی خەلیفە كەوا دەبێت قورەیشی بێت و لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی فەرمان دەكات بە گوێڕایەڵی بەندەیەكی حەبەشی

**پرسیار** : مەبەست چیە لەو فەرموودەیەی كە مەرجی قورەیشی بوونی بۆ خەلیفەی موسڵمانان داناوە، وە چۆن جەمع و تەوفیق دەكرێت لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی كە فەرمانمان پێ دەكات بە گوێڕایەڵی كردنی ئیمامێك ئەگەر بەندەیەكی حەبەشیش بێت و سەری وەك مێوژ وابێت، ئومێدەوارم كە یارمەتیمان بدەن بۆ تەوفیق وڕێككاری لە نێوانیاندا، چونكە خوای گەورە ڕێنومایمان دەكات كە كاری دروست و صەواب وەربگرین ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو فەرموودەیەی كە دەفەرموێت « الأئمة من قريش » ئیمامەكان دەبێت لە قورەیش بن، فەرموودەیەكی صەحیح و دروستە، و

بەچەند ڕێگا و سەنەدێکی صەحیح هاتووە، ئەوەش لەم فەرموودەیەوە وەردەگیرێت کە ئەصڵ وایە ئیمام و پێشەواکان لە قوڕەیش بن، ئەمەش کاتێکە ئەگەر دانانی خەلیفە و ئیمام و پێشەوای موسڵمانان بە دیاری کردن و هەڵبژاردن بوو دەبێت لە قوڕەیش بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو خەلیفە بە شێوەی خۆسەپاندن بوو بە هێز و سوپا ئەوە واجبە لەسەر موسڵمانان گوێڕایەڵی بن و لەفەرمانی دەرنەچن ئەگەر ئەو خەلیفەیە بەندەیەکی حەبەشی بێ ناونیشانیش بێت .

خوای گەورە زاناترە .